## ئێران و بەرنامە ئەتۆمیەکەی

دوو شت لەجیهاندا بێ کۆتایین گەردوون و گەوجیی ئادەمیزاد، لەکاتێکدا من بۆ یەکەمیان هێشتا دڵنیا نیم. ئەلبێرت ئاینشتاین

تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی گەلێک بەسوودەو پیشەسازی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز بەڵام کێ گارانتی ئەوە دەکات کە بۆ مەبەستی چەکداری بەکارنەهێنرێت ئنجا وەرە دەوڵەتێکی وەک ئێران کە هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێت.




ڕژێمی ئێران ئەگەر تەنها کەمێک هۆشی هەبێت ئەوا وازلەبەرنامە ئەتۆمیەکەی دەهێنێت و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو دەنێت هەروەک لەم ساڵانەی دواییداووڵاتی لیبیا ئەو هەنگاوەی نا و بەمەش ڕێگایەکی هۆشیارانەی هەڵبژارد، بەڵام پێم وایە ئەم بیروبۆچوونەی ئێران لەقازانجی کوردە هەروەک چۆن ڕژێمی عێراقیش ئەو هەڵەیەک لە دوای یەکانەی کرد وبووە هۆی رووخانی بەهەمان شێوە ئێرانیش بەم شێوە هەڵس و کەوتانەی فاکتەری نەمانی خۆی بەهێز دەکات.







بەڵام لەهەمان کاتدا بەداخەوە خەریک بوونی ئێران بەبەرنامەی ئەتۆمیەوە مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر کوردستان و ناوچەکە چونکە ئەگەر بەرنامەکە توشی کارەساتێکی ناوەکی یان دەرەکی ببێت ئەوا بۆئێمە پرمەترسیە (باشترین نموونە کارەساتی چێرنۆبێلە) خۆ ئەگەر بەرنامەکە سەرکەوتووش بێت دیسانەوە باش نیەوخەباتی ئێمەی کورد سەختتر دەکات، کەواتە چار چیە؟ لێرەدا دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهیچ جۆرێک ڕێگەنەدات ئێران لەو بەرنامەیەیدا بەردەوام بێت ونەگاتە توانای پیتاندنی یۆرانیۆم.

## تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی چی دەگەیەنێت؟

تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی واتە سوودوەرگرتن لە کاردانەوەی ئەتۆمی چەند ماددەیەک، ئەتۆم(ذرة) بچووکترین یەکەی دروستکەری ماددەیەبەجۆرێک کە ملیۆن بلیۆن ئەتۆممان دەوێ بۆ داپۆشینی نوکی دەرزیەک، ئەتۆمیش لە بەشی ترپێک دێت وەکو ناوک کەقەبارەیەکی بچوکی ئەتۆم پێک دێنێت بەلاّم 99،9% ی بارستاییەکەی پێک دێنێت، ناوکیش لە پرۆتۆن و نیوترۆن پێک دێت.

ئادەمیزاد لەسەرەتای ساڵەکانی سیی سەدەی پێشووەوە پێکهاتەکانی ئەتۆمی بۆ ڕوون بووەوە لەوکاتەوە هەموو دەوڵەتێک خەوبە بەدەستهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیایەوە دەبینێت چونکە هەرکەس خەوەکەی هاتەدی ئیتر جیهان حسابی بۆ دەکەن و ناتوانن دەستدرێژیی بکەنەسەر. بەلاّم لەم 10 ساڵەی دواییدا بەهۆی پێشکەوتن لە بواری پەیوەندییداهیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە لە بەرنامەی ئەتۆمیدابەئاسانی کاربکات چونکە جیهان خێرا پێی دەزانن و دژی دەوەستنەوە.

کاریگەری چەکی ئەتۆمی تەنها لەسوتاندن وروخاندندا نیە بەڵکولەڕاددەی تیشکدانەوەکەیدایەتی کەبۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبێت، ئەم تیشکدانەوەیەش بەهۆی شی بوونەوەی ئەتۆمی ماددەکەوە دەبێت کەناوکەکەی ووردیلەی ئەلفاو بێتا و تیشکی گاما دەداتەوەولەئەجامدادەگۆڕێت بۆ ناوکێکی تر پێی دەوترێت ناوکی لەدایکبوو.




ووردیلەی ئەلفا ناتوانێ پێستی ئادەمیزاد ببڕێت یاخود پارچەیەک کاغەز یان کراسێک، بەلاّم زۆر مەترسیدارە ئەگەر بچێتە ناو سیەکانەوە لە ڕێگەی هەناسەدانەوە. ووردیلەی بێتا بەخێراییەکی ئێجگار زۆر دەردەپەڕێ ونزیک دەبێتەوە لە خێرایی تیشک و زۆر لە ووردیلەی ئەلفا بەهێزترەو لەکاتێکدا ناوکەکە ووردیلەی ئەلفا و بێتا دەداتەوە دەچێتە بارێکی ناجێگیرەوەوبەهۆی زۆریی ووزەی ناوەکیەوە، وەبۆ ڕزگاربوون لەم ووزە زیادەیە تیشکی گاما دەردەکات، ئەم تیشکەس ئاستێکی ووزەی زۆربەهێزی هەیەو دەتوانێ پارچەیەکی ئەستووری قورقوشم ببڕێت.

یۆرانۆم235 تەنها ماددەی لەسروشتیە کەبۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دەست بدات، ئەو بۆمبائەتۆمیەی هێرۆشیمای ویرانکردپێک هاتبوولە نزیکەی 60 کیلۆگرام یۆرانیۆم235 قەبارەکەشی بەقەدەر تۆپێکی پێ دەبوو، ئەوماددانەی تر کە بۆدروستکردنی چەکی ئەتۆمی بەکاردەهێنرێن وەکو یۆرانیۆم233 و پلۆتۆنیۆم239 لەسروشتدا نین و دەبێ بەرێگەی پیشەسازی ئامادەبکرێن لەڕێگەی پیاکێشانی نیوترۆن بەدووماددەی پیتاوی ثۆریۆم232 و یۆرانیۆم238 وە ئەم ماددانە پێیان دەڵێن پیتاوچونکە دەبن بە سووتەمەنی ئەتۆمی.




ئەو کارلێکانەی ماددەی پیتاو دەکەن بە ماددەی پارچەپارچەبوو پێیان دەوترێ کارلێکی بەرهەمهێن،

کاتێک نیوترۆنێکی سەربەست دەچێتەناو ئەتۆمی یۆرانیۆم238 دەیگۆڕێ بۆ یۆرانیۆم239 ئەمیش زۆر ناجێگیر

دەبێت و بۆئەوەی بچێتەوە باری ئاسایی نیوترۆنەکە لە ناوکەکەیدا دەبێ بە پرۆتۆن و ئەلکترۆنێکی تازەو هەندێک ووزە دەردەپەڕێ و لەئەنجامدا ناوکێکی تر لەدایک دەبێت ئەویش نپتۆنیۆم 239 کە ناجێگیرەو بەهەمان شێوە نیوترۆن دەبێ بە پرۆتۆن و ئەلکترۆن و ووزە دەردەپەڕێ وپلۆتۆنیۆم 239 دروست دەبێ.
ئەو بۆمبایەی کە بەکارهێنرا لە وێرانکردنی ناگازاکیدا لە پلۆتۆنیۆم 239 دروستکرابوو، هەمووکەس دەتوانێ بەبێهیچ مەترسیەک پلۆتۆنیۆم لەنزیک دڵیەوە یان نزیک سەریەوە دابنێ بەڵام ئەگەر بڕی 0،001 گرام بەشێوەی تۆز چووەناو سیەکانەوە ئەوا پاش چەند کاتژمێرێك یان چەند رۆژێک دەمرێت و بگرە بڕی 0،000001 گرامیش دەبێتە هۆی تووشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجەی (سرطان) سیەکان یان ئێسقان چونکە پلۆتۆنیۆم لەرێگەی سووری خوێنەوە لەئێسقاندا جێگیر دەبێ و ووردیلەی ئەلفا دەداتەوە، ئیتر ئێسقان توانای بەرهەمهێنانی خرۆکەی سپیی نامێنێت.
ئەوگۆڕانانەی بەسەر ئەو ماددانەدا دێن وەکوو پێشتر باسمان کرد دەبنە هۆی پارچەپارچەبوونی ئەتۆمیی زنجیرەیی چونکە گۆڕانەکە بەردەوام دەبێ وەکوو لە حاڵەتی بۆمبی ئەتۆمیدا




بەڵام لەناو (مفاعل نووی) کارلێککەری ئەتۆمیدا دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

**ئێمەی کورد چی بکەین باشە؟**
ئەم بارودۆخەی ئێستای ئێران و پەیوەندیەکانی بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە هەلێکە جارێکی تر بەئاسانی بۆ نەتەوەی کورد نارەخسێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست نەکرێ ئەوا هەرگیز دروست ناکرێ و ئەو هێزەسیاسیانەی تەگەرەوبەربەست لەم رێگەیەدا دروست دەکەن و نایانەوێ لەخزمەتی نەتەوەی کورددا بەرژەوەندی حیزبی خۆیان وەلابنێن باشترە واز لە خەبات بهێنن، تەنها سەیری دنیا بکەن میللەتان لە چ ئاستێکدا دەژین!

ئیتر هیوادارم هەموو کوردێک و هەموو هێزێکی سیاسی کوردستان هەست بە بەرپرسیارێتی مێژوویی بکات و بزانێت ئەو خەڵکە هەزارە چاوەڕێی هەنگاوی ئێوەیە.

تایەر عەلی
www.taher.org